# کاک مەسعود بەرزانی بۆ وەڵام ناداتەوە ؟.



حاجی ئەنوەر ٢٠٠٦/١/١

بەدوای سەپاندنی زیندانی بەسەر دکتۆرکەمالدا ، دەم ودەست نارەزایەتی لەلایەن رۆشنبیرانەوە دەستی پێکرد و رۆژلەدوای رۆژیش دەنگی نارازایەتی لەزیاد بووندایە کە سەرئەنجام نەتەوەی کورد زیانباری یەکەم دەبێت و هۆکارەکەشی لەپلەی یەکەمدا کاک مەسعود بەرزانیە ، چونکەبەرێزیان وەک سەرۆکی هەرێم و حیزبیش بەرپرسن لەهەر کارێک لەبەرژەوەندی گەل نەبێت . بەحوکمی بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لە دەرەوەی وولات وبە سود وەرگرتن لەو دیموکراسیەی کە هەیە کوردان دەتوانن بەئاسانی پەیوەندی بەو حکومەتانەی کە تێیدا دەژین ورێکخراوەکانەوە بکەن و دادوبێداد وسکاڵای خۆیانیان لابکەن ،ئەمە جێگەی تیارمان دەبێت لای ئەوان کە گەلێکی ژێردەستەو زوڵم لێکراوی وەک کورد هەروا بەزووی و ئاسانی زوڵم و زۆر سەردەربکات . لەلایەکی ترەوە بونی گەندەڵی و بەرەڵای سیاسی ولاوازی یاساو

کاری ژێربەژێرەکی تورەی جەماوەری زیاتر کردوە کە مرۆڤ دەگاتە ئەوباوەرەی جیاوازی نێوان داگیرکەرێک و دەستەڵاتێکی ناوخۆی نادیموکرات نەبێت ، ئالێرەدا تاک وەک چۆن دەستەلات بەرژەوەندی گشتی دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی خۆی تاکێش ناچار نابێت بەرژەوەندی باڵا بپارێزێت و سەرئەنجام گەل زیانبەخش دەبێت و دەستەڵات کەخولقێنەرێتی زیانێکی گەورە دەگەیەنێت و بەرامبەر مێژوو بەرپرسیار دەبێت . دەبێت کاک مەسعود ئەوە رەچاو بکات داخوازی ئازادکردنی دەستبەجێ یان لێپێچینەوەیەکی یاسایی لەگەڵ بەرێز دکتۆر کەمالدا کەئەمرۆ لەلایەن ژمارەیەکی زۆری کورد لەدەرەوەی وولات بەرزکراوەتەوە و وەلام نەدانەوە یان گوێ نەگرتن لێیان هیچ مانایەکی تری نیە جگە لە بەکەم زانینی تاکی کورد ، کەئەمە سەرئەنجامێکی زیان بەخشی تری لێدەبێتەوە کە کەسێتی کاک مەسعود لەمەشیاندا بەرپرسیارە کە بریتیە لەسەرهەڵدانی رق وکینە لەنێوانی دەستەڵات و ئەوخەڵکە و پەیدا بوونی ترسی تۆڵەسەندنەوە لێیان لەکاتی گەرانەوەیان بۆ وولات ، کەئەمە دەبێتە هۆی دابرانیان لە لەکەس وکاریان و کۆمەڵگا ، لەلایەکی ترەوە سەپاندنی زیندانی ٣٠ساڵە بەسەر دکتۆرکەمالدا ترساندنی کەسانێکە تا تەعبیر لەبیروبۆچونەکانی خۆیان نەکەن بەمەش مرۆڤێکی دەستەمۆ بۆ کۆمەڵگای کوردستان دەخولقێت . جائەگەر کاک مەسعود ئەوئاخافتنانەی کە رۆژانە دەیکات دەربارەی ئێستاو داهاتوی کورد تانها بۆ ئیحتواکردنی نارەزایەتی خەڵکی نیە ! دەبێت وەک کەسایەتیەکی بەرپرس لەبەرامبەرکۆمەڵگادا مامەڵەبکات ، تاحاکم و مەحکوم مانای تەواوی خۆی بدات بەدەستەوە . من پێشنیار دەکەم کە کاک مەسعود وەک بەرپرس و دەستەڵاتدار گوێبگرێت لەداخوازی ئەو خەڵکە ، کەجگە لەو چارەیە، چارەیەکی دی نیە تا لێکترازانی تەواوی لە نێوین جەماوەر و دەستەڵاتدا روونەدان و ناحەزانی کورد سودی لێوەربگرن .

ئەگەر دکتۆر کەمال تەشیری کردوە و تەشیرەکانی بێ بەڵگەن ئەوا بەپێی یاساکانی دنیای دیموکراسی لە سزادانی بە برێک پارە تێناپەرێت نەک ٣٠ ساڵ زیندانی .